لەبەر ڕۆشنایی خۆپیشاندانەکانی (کفری و چەمچەماڵ و دەربەندیخان)وشارەکانی تردا:

# بەرفراوانبوونەوەی ناڕەزایەتی خەڵك و ڕێگا چارەکانی حکومەت؟

**نوسینی : تەها سلێمان**



ناچارم جارێکی تر لەم بابەتە تێهەڵچمەوەو ڕوونتر قسەیەکی لەسەر بکەم، چوونکە ئەوەی جێی داخە ئەوەندەی دەنوسرێ و دەوترێ و قسە لەسەر کێشە و گرفت و کەموکوڕییەکانی چین و توێژەکانی کۆمەڵ دەکرێ، کەمتر لەوەش و لە خوار فاریزەشەوە لەلایەن حکومەتەوە گوێی لێناگیرێ، هۆکاری بنەڕەتی بەرفراوانبوونەوەی ناڕەزایەتیەکانی چین و توێژەکانی خەڵك، ئەم خوێن ساردی و نابەرپرسیارێتیەیی حکومەت و بەرپرسەکانییەتی. چین و توێژەکانی خەڵك، لەتەنگترین بارودۆخدا ژیان دەگوزەرێنن، بازاڕ چنگی خستوەتە بینە قاقایان و حکومەتیش گوێی خۆی لەئاست ئەو دۆخە سمیوەو دەربەست نیە. خەڵك ئەگەر (کارەبای نەبێ، سووتەمەنی نەبێ، ئاوی نەبێ، مووچەکەی مەساریفی چارەکێکی مانگ دابین نەکا، خزمەتگوزاری نەبێ)و هتد چۆن ناڕازی نابێ و بەردەوامیش ئەو ناڕەزایەتیە فراوان نابێتەوە؟ حکومەتی کوردی و حزبە دەسەڵاتدارەکان، ئێستاشی پێوەوبێ بەعەقڵی شاخ بیر دەکەنەوە، دەیانەوێ بەسەرمایەیی تێکۆشانی شاخ دەنگی ناڕەزایەتی چین و توێژەکانی کۆمەڵ کپ و خامۆش بکەن. پێیان وایە بەبەکارهێنانی زەبرو زەنگ و توندو تیژی دەتوانن ناڕەزایەتی خەڵك بۆ داواڕەواکانیان لەت و پەت بکەن و وانەیەك بەخەڵك بڵێنەو، بۆ هەتایە بیریان نەچێتەوە، ئەم ئاراستەی بیرکردنەوە حکومەت و دەزگا جۆراو جۆرەکانی دەگەیێنێتە ئاستێکی ترسناك و هاوکات سەرکوتکەرو داپڵۆسێنەر، ناوەڕۆکی ترسناکی گووتاری حکومەت بەرەو ئەو ئاستە و دواتریش بوونی بە دەسلاتێکی سەرکووتکەرو داپڵۆسێنەر، هێندەی تر شەرعیەتی حکومەت دەخاتە

ژێر پرسیاری چین و توێژەکان و ناوەڕۆکی بانگەشە دیموکراسیەکانی خودی خۆی نەفی دەکاتەوە. ئەگەریش حکومەت بیەوێ ئەوە بکاتەنەریتی کارو بەرنامەی خۆیی و شاڕەگی گووتاری ئاراستە کراوی بۆ ناو خەڵك وەك(پێش گوێگرتن لێتان ترساندن بۆ ئەوەی هەست بەبوونم بکەن، یان پێش گوێگرتن لێتان تووندو تیژی نواندن بەرامبەرتان، یاخوود پێش دانپیانانی داواکانتان و جێبەجێکردنیان وڵامی حازربەدەست و بێناوەرۆ ك و پاساوی زۆرو زەبەن، یان هەموو ناڕەزایەتیەك بەدژە حکومەت و هێرش بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی حکومەت بزانێ)و هتد ئەوە کاردانەوەی ئەم بۆچوون و بیرکردنەوەو ئاراستە و ستراکتۆرەی کارکردنی حکومەت، تەواو پێچەوانەی بانگەشەکانی خۆیەتی، کە بەردەوام و لەبۆنە فەرمی و نافەرمیەکاندا، بانگەشەی بۆ دەکا کەگوایە دەیەوێ دیموکراتیزەی کایە جیاجیاکانی حکومەت بکات و رێز لەدەرەوەی حکومەت دەگرێ. ڕوونتر ئەم ئاراستەی کارکردنەی حکومەت ، کەداپلۆسین و سەرکوتکرن لەخۆدەگرێ، بڕوانەبوونی خوودی خۆیەتی بە بانگەشەکانی خۆی و وەسەرەنجام بوونیەتی بەمۆتەکەی سەر هەر دەنگێکی ناڕەزایەتی و هەناسەیەکی دەرەوەی سنووری بیرکردنەوەی حکومەت و بەرپرسەکانیەتی، واتا ئەوەی لە دەرەوەی سنووری بیرکردنەوەی حکومەتدا بپەیڤێ و بۆچوونێکی هەبێ، لە بڤە مەترسی دارەکانە و زەنگە بۆ سەر بەرژەوەندی حکومەت ودەبێ بە هەموو شێوەیەك وەڵامی بدرێتەوە.



نموونەی خۆپیشاندنەکانی ئەم دوایەیی شارەکانی (کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان)و دەنگ و باسەکانی خۆپیشاندان لەکەلار ، بۆ هەندێ داوای ڕەواو سەرەتایی وەك(کارەبا، سووتەمەنی، ئاو)، لەبەرامبەردا وڵامی نامەدەنیانە و تووندی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و تەقەکردن بەناو خۆپیشاندەراندا و گرتن و زیندانی کردن و ئازاردانی خەڵکی و هەر لەدرێژەی ئەمەشدا هەڵکووتانە سەر ماڵان و پشکنینی ماڵان بەمەبەستی دەستگیر کردنی خۆپیشاندەران، ئەو پەڕی سووکایەتیە بە داخوازییەکانی خەڵك لەلایەك و پێشێل کردنی سەرەتایی ترین مافەکانی خەڵکە، من بڕوای تەواوم بەوە هەیە کە خۆپیشاندان دەکرێ، لەناو دەیان و سەدان و هەزاران کەسدا خەڵکی نامەسئوول دەخزێتە ناو خۆپیشاندانەوەو مومکینیشە پەنا بۆ هەندێ کارو ڕەفتاری خراپ ببەن، بەڵام ئەمە

بەهیچ جۆرێ ناکاتە ئەوەی تۆ ماف بە خۆت بدەی بەشێوەیەکی خوڕسکانەو نابەرپرسیارانە هێرش بکەیتە سەر خۆپیشاندەران و سەرکووتیان بکەیت و توومەتی ناڕەواو نابەجێیان بخەیتە پاڵ. پاشان تۆوەکو حکومەت ئەگەر دەستی نامەدەنی و تێکدان لە خۆپیشاندان دوور خەیتەوە، ئەی ئەوە ناو لێدەنێی چی بە (ئیعاز)ی سەرەوە کامیرای ڕۆژنامەنوسان دەشکێنن و ڕۆژنامە نووسان زینداندانی دەکەن و مامەڵەی ناشرینیان لەگەڵ دەکەن؟ من زۆر جار لای خۆمەوە ئەوە دووبارەو دەبارە دەکەمەوە ، کەپێویستە چین و توێژەکانی کۆمەڵ کاتێ دەیانەوێ پرۆسەیەکی دەنگ هەڵبڕین و ناڕەزایەتی بەرپێبخەن و دەنگیان بگەیەننە حکومەت و شوێنی مەبەست ، تائەوپەڕی توانا ڕێکخراوبن بۆئەوەی بەشێوەیەکی درووست و بابەتی داواکانیان بگەیەنن، بەڵام قەت لایەنگیری ئەوەنیم و پێم وایە دەبێ بەهەموو توانا ڕەدبکرێتەوە، کەلەژێر ناوی بارو دۆخی نالەبارو شڵەژانی باری ئەمنی و تێکدەرو گێرە شوێن بەو شێوەی کەلەسەرەوە باسمان کرد سووکایەتی بە خۆپیشاندان و خۆپیشاندەرانبکرێ و زینداندانی و سەرکوت بکرێن. ئەوەو بیرکردنەوەو سیاسەتێکی تەواو هەڵە و ناتەندرووستە ئەگەر حکومەت و بەرپرسەکانی بیانەوێ یان پێیان وابێ بەم میکانیزمی سەرکوتکردن و داپڵۆسینەی خۆپێشاندەران لەژێر ناوی تێکدەرو گێرە شوێن دەنگی ناڕەزایەتی چین و توێژەکانی خەڵك کپ بکەنەوە.



حکومەت ناتوانێ پاساوی لۆژیکی و بابەتی بۆ هێرش کردنە سەر خۆپیشاندەران بهێنێتەوە، چونکە خوودی لۆژیکی پێنیە بۆ وەڵامدانەوەی چین و توێژەکانی خەڵك، ئەگەر حکومەت لۆژیکی بۆ وەڵامدانەوەی چین و توێکانی خەڵك پێبوایە، پێش وەختی ئەنجامدنی خۆپیشاندان هێرشی نەدەکردە سەر ئەو گەنج و دەستانەی خۆیان بۆ خۆپیشاندان ئامادە دەکەن، وەك لەکەلارو دەربەنیخان و کفری و چەمچەماڵ و سلێمانی و هەولێرو هتد ڕوویاندا ودواتر هەرخوودی حکومەت لەرێگای هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش وە دەکەوێتە ویزەی خەڵکی و ئاراستەی خۆپیشاندانەکە دەگۆڕێ بۆ تووند و تیژی و بەڵام دێت زۆر دیماگۆجیانە ڕای گشتی تێدەگەیەنێ کەگوایە خۆپیشاندەران پەنا دەبەنە بەر توونەو

تیــژی و ســووتاندن و تێکــدانی شــوێنه گــشتی و خزمەتگوزارییــەکان، بــۆ ڕاســتکردنەوەی ئــەم ئاراستەناڕاستەی حکومەت و دام و دەزگاو هێزەکانی دەتـوانین ئەوەبێـژین کـە تائـەو کاتـەی حکومـەت توونـدنیـە لەگـەڵ خۆپیـشاندەران، ئەگـەر توونـدو تیـژیش هـەبێ لـە چوارچـێوەی خۆپیـشاندانەکاندا، کەمینەیەکی زۆر کەمەو ئاراستەی خۆپیشاندانەکە نیە، بەلاّم کاتێ حکومەت توونـد دێتە ولاّم و تەقـە دەکـاو خـەڵك دەگـرێ و زینـدانی دەکـاو ئـازاردەدا، ئیـدی مانایـەك بـۆ لۆژیـك و عـەقڵی گفـت و گـۆی حکومـەت نـامێنێ و هـەر خـودی حکومـەتیش بـواری تێەگەیـشتنی نێـوان خـۆی و خـەڵك بەرتەسـك دەکاتەوەو فـشار دەخاتـە سـەر خـەڵك توونـدو تیـژی بنـوێنن. زۆربـەی خوێندنـەوەو بۆچـوونەکان وای دبینن ڕێگا چارەی حکومـەت لـەم ئاسـتەدا ، ڕێگـا چـارەیەگەلێکی چـەوت و ناتەندرووسـتە، ئەگـەریش حکومەت ئەم شێوازی مامەڵە و ڕێگا چارەیەیی خۆی لە دەنگی ناڕەزایەتی چین و توێـژەکانی خـەڵك و داوا ڕەوانیـان نـەگۆڕێ و پیاچـوونەوەی پیانـەکا، داهـاتوو ئـاڵۆز تێکـچرژاو دەبـێ لـەنێوان حکومـەت و خەڵکدا، حکومەت دەبێتە دەزگایـەکی داپڵۆسـێنەرو خـەڵکیش دەبێتـە نێـچیری داپڵۆسـینی حکومـەت و ناڕزایەتیەکانیش ئاراستە و ڕەوەندی توونـد تـر وەر دەگرن و بەرپرسیاری پلە یەکیش تـەنها حکومـەت و حزبی دەسلاّتداری ناو حکومەت دەبن..